کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:10 10-4-2007

## ناز.. ئەو کچەی لەپێناو عەشقێکی پاک بوو بە سووتەمەنی حەزێکی شێت... بەهرەوەر مەرزانی



لەنێو زەبرو زەنگی ئەم ژیانە جەنجاڵەدا قەدەر بۆتە واقیعێك و خەندەو ئومێدە پەمەییەکانی دوا ڕۆژی دەیان لە خونچە تازە پشکوتووەکانی ئەم نیشتمانەی هەڵپرووکاندووە، ئەمرۆ جیهان لەسایەی پێشکەوتنی هزرو برینی قۆناغە سەختەکانی دوا کەوتوویی و کۆیلایەتی ژنەوە پێشڤەچووەو بۆتە پانتاییەك بۆ کۆکردنەوەو لەیەك نزیك کردنەوەی مرۆڤەکان، کەچی لەکۆمەڵگاکەی ئێمەدا دیاردە دزێوو دواکەوتووەکان لەجاران زیاتر زەق و بەر بڵاون، ئەوەتانێ تەنها لەو چەند ساڵەی دواییدا دەیان لەکچانی ئەم وڵاتە بوونەتە قوربانی حەزوو ئارەزووەکانی پیاوان.

ناز.. چیرۆکێکی پڕ لەهەناسە ساردی و بەد بەختی یەکێك لەو کچانەیە کە هەموو خۆزگە و ئومێدە جوانەکانی بوونە قوربانی غەدرو بێوەفایی کوڕێك و بەدەستی خزمەکانی خۆی خونچەی تەمەنی هەڵوەرێنرا.

ناز تەمەنی تازە گەیشتبووە (20) ساڵان، هەرچەندە تا پۆلی یەکی ناوەندی خوێندبوو بەڵام وریایی و ژیرییەکەی لەرادە بەدەر بوون و خاوەن ڕەوشت و کەسایەتیەکی بەهێز بوو، لەرەفتارو هەڵس و کەوتدا وەك کچێکی گەورە خۆی نیشان دەدا، ژیانی خۆشدەویست و هەمیشە خەندە میوانی لێوە ئاڵەکانی بوون و لەگەڵ هەموو کەسێکدا روو خۆش و دەم بەپێکەنین بوو، وەکو هەموو کچێکی ئەم نیشتمانە بەدەست کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیناڵاند و هەوڵی شکاندنی ئەو کۆت و پێوەندانەی دەدا کە کۆمەڵگا بەسەریاندا سەپاندبوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ لە کارو بیرکردنەوەدا جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا نییە.

خەونی رەنگاڵەیی بە خۆشەویستەکەیەوە دەبینی و وەك کچێکی عاقلو ژیر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

وەلێ لەم ژیانە پڕ حەسرەتەدا زۆر جاران با بەپێچەوانەی ویستی کەشتیەوان هەڵدەکات و خەون و ئومێدەکان تێك دەشکێنێت و زیندە بەچاڵیان دەکات، ئەو کوڕەی ناز خۆشی دەویست بەقەد هەموو ئەو خەون و ئومێدە جوانانەی لەناخی نازدا پەنگیان خواردبووە درۆو فێڵ و تەڵەکەبازی لەناخیدا هەبوون، بەقەد هەموو خۆشەویستی ناز بۆئەو دڵی رەش بوو.

وریا ئەو کورە داوێن پیس و بێ هەوڵوێستە بوو کە خزمایەتی کردبووە وەسیلەیەك بۆ ئەوەی بتوانێ هاتوو چۆی ماڵی ناز بکات و لەهەموو کات و ساتەکان ئاگادار بێت، تا ئەو نیوەڕۆیەی کە زانی ناز بەتەنیا لەماڵەوەیە خۆی گەیاندە ماڵیان و دوای چەند ساتێك گفت و گۆ کردن و دەربڕینی خۆشەویستییە پڕ لە فێڵ و درۆکەی بۆ ئەوەی سەرنجی ناز بۆلای خۆی رابکێشێت و نیاز پاکی خۆی پێنیشانبدات، بەڵام نازی ژیرو ڕەوشت بەرز رەتی هەموو داواکانی کردەوەو داوای لێکرد بچێتە دەرەوە ئەگینا هاوار دەکات و خەڵکی تێدەگەیەنێت، بۆیە وریا لەرێگای دەرمانی بێهۆشکەرەوە نازی بێهۆشکرد و دواتر دەستدرێژی کردە سەری، دواتر کەناز هۆشی هاتەوە خۆی ئەوەی نەیدەویست روبدات رویداو ژیانی کەوتە بەر مەترسی ئەو ستەمەی بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی بەسەریدا سەپێندرا.

دوای ئەوە ناز چەند جارێك داوای لە وریا کرد کەبێتە داوای بۆ ئەوەی ئابرووی نەچێت و ژیانی لێنەبێتە دۆزەخ، هەرچەندە لەسەرەتا وریا خۆی بەدڵسۆزو داوێن پاك نیشاندەدا لەبەرامبەریدا بەڵام دوای چەند مانگێك خەونەکان ئاوە ژوو بوونەوەو وریا یەکێك لەکچەکانی خزمی خۆی خواست، بۆیە چارەنووسێکی رەش چاوەڕوانی نازی دەکرد، بەڵام ئەو وەك مرۆڤێکی رەوشت بەرز و داوێن پاك بەبێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-4-2007 22:10

ترس و دوودڵی ئەو نهێنییەی لەلای دایك و باوكی دركاند و ئامادەیی خۆیشی دەربڕی بۆ هەموو سزایەك، بەڵام وریا سووربوو لەسەر ڕەتكردنەوەی ئەو قسەیەو دەیان ناوو ناتۆرەی دوور لەرەوشتی مرۆڤی بۆ ناز هەڵبەستا، دوای ئەوەی چەندین جار خزم و كەسەكانیان داوایان لەباوكی ناز كرد كە بەنهێنی بیكوژن بۆ ئەوەی كەس لەونهێنیە نەگات، بەڵام باوكی ناز سوور بوو لەسەر ئەوەی كە دەبێ تاوانباری ڕاستەقینە بناسێ و بەسزای خۆی بگات.

بەیانییەك وریا كەزانی خزم و كەسەكانیان بەنیازن ناز ببەنە لای پزیشك و بەمەش هەموو نهێنیەكان ئاشكرا دەبن دەستی دایە دەمانچەكەی و هێرشی كردە سەرماڵی باوكی ناز، بەڵام خزم و كەسەكانیان ڕێگەیان پێگرت و باوكی وریاش بڕیاریدا كە كورەكەی قۆڵبەست بكەن و بیخەنە ژوورێكەوە، دوای چەند ساتێك لەتەنیاییدا وریا بڕیاریدا هەموو نهێنیەكان ئاشكرا بكات و ڕاستیەكان بدركێنێ، بەمەش دانی بەهەموو تاوانەكانی دانا.

بۆیە باوكی بڕیاریدا لەشوێنی تاوانەكەیدا گوللەبارانبكرێت و سزای تاوان و لاسارییەكانی وەربگرێت، بەمەش لەگەڵ كوشتنی ئەودا ژیانی نازیش كۆتایی هات.

Bahrawar_s@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.